


# لەسەر وشەیەک دوو کەسی بێتاوان دەربەدەر دەبن

ئامینە

بەشی دووەم و کۆتایی

لە نیوە شەوێکی درەنگدا بەهاوکاری براژنەکەم توانیم لەماڵ بچمە دەر، لەو شوێنەی پێشتر دیاریکرابوو ئەویش وەستابوو، ئیدی بێ ئەوەی یەک وشە لە زارم بێتە دەرێ بەرەو نادیاری سەری خۆم هەڵگرت.

ئێمە دوو کەسی هەڕەشەلێکراوی بێتاوان بووین، نەشمان دەزانی بەرەو کوێ دەڕۆین و داهاتوومان چی دەبێ. ئەو لەپێش منەوە دەڕۆیشت و منیش لەدوای ئەوەوە هەنگاوم دەهاوێشت، ماوەیەک بە پێ ڕۆیشتین، دوایی ئاوڕێکی دایەوەو گوتی: ( دایکم پێیگوتم کە بڕۆینە ماڵی خاڵم، بەڵام من ئەوێ بەباش نازانم، هەر سەیارەیەکمان لێ هەڵکەوت هەر خۆم دەزانم بۆ کوێ دەڕۆم!)

من عەبایێکی ڕەشم لەخۆم ئاڵاندبوو، ئەویش بە چەفیەیێکی سپی دەمامکی خۆی دابوو، کۆڵان و شەقامەکانمان دەبڕی. ئەگەرچی لە ناخەوە دەترسام بەڵام دیسانیشەوە هەستم بە ڕەهابوون دەکرد و پێموابوو ئیدی لە مەرگ دوورتر دەکەمەوە. نازانم ئەو بیری لەچی دەکردەوە، بەڵام من بیرم لە ئابڕووچوونی منداڵەکانم دەکردەوە، من باکم بە براکانم نەبوو، چونکە لەهیچ و خۆڕایی دەیانویست بمکوژن، باکم بە شووەکەشم نەبوو، چونکە بەبێ لێکدانەوەو لێپرسینەوە قسەی دایکی وەرگرتبوو، ژیانی دوو کەسی لەژێر دەمی چەقۆ دانابوو، هەرچەندە داهاتووی خۆم نادیار بوو، بەڵام بیرم لە داهاتووی منداڵەکانم دەکردەوە.

هەرچۆنێ بوو گەیشتینە گەراج، تا ئێمە گەیشتین تاریک و ڕۆن داهاتبوو، لەگەڵ یەکەمین سەیارە بەرەو موسڵ بەڕێ کەوتین.

من یەکەم جاربوو کە موسڵ ببینم، ئەو پێشتر چەند جارێکی دیکە سەردانی ئەوێی کردبوو، ناسیاوێکی لەوێ هەبوو. کاتێک دابەزین وام زانی دەرگەی بەهەشتمان لێکراوەتەوە. لەوێ تاکسییێکمان گرت و بەرەو ئەو شوێنە ڕۆیشتین کە ئەو پێیدەزانی.

لە کۆڵانێکی تەنگەبەردا دەرگەیێکی بچکۆڵانە کەوتە سەرپشت و ژنێکی بەهەیبەت پێشوازی لێکردین، ئەو بەکوردی قسەی دەکرد، بەڵام بە زەحمەت لێی تێدەگەیشتم. دوای نیوەڕۆ لە دەرگە درا، ژنەکە دەرگەی کردەوە، پیاوێک هاتەژوورێ، بەرلەوەی سەلاممان لێبکات، بەخێرهاتنی لێکردین.

من نەمدەزانی چۆن بەسەرهاتی خۆمیان بۆ بگێڕمەوە، پێشتر لەسەر ئەوەش ڕێکنەکەوتبووین کە چی بڵێین. لە دواندن و پرسیارکردن دا دیاربوو کە زۆرباش ماڵی ئەویان دەناسی، دوای شیوخواردن دەرگەی قسەکردن کرایەوە، بەو شێوەیە بۆم دەرکەوت کە ناسیاوی یەکترن، پێشتر دراوسێ بوونە، دواتر کابرای خاوەن ماڵ پرسی:" ئێمە ئەو خوشکە ناناسین، بزانین کێیەو چۆن گەیشتوونەتە ئێرە؟ چی بە ئێمە دەکرێ تا خزمەتتان بکەین؟!"

ئەوان وا تێگەیشتبوون کە من نەخۆشم و ئەو منی بۆ لای دکتۆر هێناوە.

من دەمم قڕمابوو، هیچ وەڵامێکم شک نەدەبرد، بەڵام ئەو بە پێکەنینەوە بەرسڤی دایەوەو گوتی:" خاڵۆ ئەوەی لە ئێمە قەومایە، لە حوسێنی کەربەلاش نەقەومایە، لەهیچ و خۆڕایی هەڕەشەی مەرگمان لێکراوە، ئەوە دایکی برادەرێکی خۆمە، وەکو دایکی منیش وایە، بەڵام خزم و کەسانی دڵیان لی پیس کردووین و دەیانەوی بمانکوژن، بۆیە سەری خۆمان هەڵگرتووەو بۆ لای ئێوە هاتووین، ئێوەش خۆتان و خوداتان!!

ئیدی منیش دەمم کرایەوەو ڕاستی ڕووداوەکەم بۆ گێڕانەوە، ئەوان داخباربوون، بەڵام مەردانە بەڵێنی هەرجۆرە یارمەتی و هاوکارییێکیان پێداین. ئەو بە کابراو ژنەکەی گوت:" من تەنیا یەک تکام لە ئێوە ئەوەیە کە دایکم و باوکیشم نەزانن ئێمە لێرەین، هەرچەندە دایکم هاوسۆزی لەگەڵدا کردووین و پارەی پێداوین، بەڵام باوکم ئامادە نەبوو خۆی بە خاوەن بکات" ئەو شەوە لەوێ ماینەوە، من و ژنەکە لە ژوورێک خەوتین و ئەوانیش لە ژوورەکەی دیکە.

ژیان بەو شێوەیە نەدەگوزەرا، بۆیە بڕیارمان دا هەردووکمان بەدوای ئیش دا بگەڕێین، ئەو لەگەڵ کابرا لە کارگەی ساوار دەستی بەکارکردن کرد، پاش ماوەیەک لە ماڵێکی دەوڵەمەنددا منیش وەک خزمەتکاردامەزرام.

ئەو ژن و مێردە ناویان (زەینەل و زەینەب) بوو، منداڵیان نەبوو، وەک خۆیان دەیانگێڕایەوە تەنیا کوڕێکیان هەبووەو ئەویش مردووە، ئیتر منداڵیان نەبووە، بۆیە وەک منداڵی خۆیان سەیری ئێمەیان دەکرد. ئەوان هەموو کەسێکی ئێمە بوون. ئیتر هەموومان یەک خێزان بووین، خانوێکی گەورەترمان گرت، ڕۆژێکی هەینی پێش ئەوەی بگوازینەوە،مام زەینەل بانگی کردین و پێیگوتین:" شەرم لە دین دانیە، ماوەیەکە لەگەڵ ئێمەدا دەژین، کە دەگوازینەوە ئێوە ژووری خۆتان و ئێمەش ژووری خۆمان، بەڵام بۆ ئەمە دەبێ بڕیاری خۆتان بدەن و بتانبەمە لای مەلایێک و مارەتان ببڕێ". من لەجێگەی خۆمەوە سوور هەڵگەڕام، دەمزانی ئەویش بەو چاوە سەیری من ناکات، ئەو بێڕاوەستان گوتی:" خاڵۆ ئەمە دایکی منە، ڕاستە بوختیانیان پێداکردووین و لە ترساندا سەری خۆمان هەڵگرتووە، بەڵام باش دەزانم کە ئەویش بە چاوی کوڕی خۆی سەیری من دەکات" ئیدی ئەویش بێدەنگی لێکرد، بۆ نوێژی هەینی چووە دەرێ، کاتێک گەڕایەوە دووبارە بانگی کردینەوەو گوتی:" مەلا دەڵێ هەرچەندە ئەوان وەکو دایک و کوڕ سەیری یەکتر دەکەن، بەڵام شەرع قەبوڵ ناکات لە ژوورێک دا بخەون، یان دەبێ مارە بکرێن یان دەبێ کوڕەکە شیری ژنەکە بخوات!" بۆ یەکلایی کردنەوەی ئەو مەسەلەیە مەلا و دوو کەسی دیکە هاتنە ماڵێ، ناچار من چوومە ژوورەکەی دیکەو لەبەرچاوی دوو پیاودا مەمکم لە دەمی ئەو ناو، ئیدی بووین بە دایک و کوڕ، ئەوکاتە مەلا کاغەزێکی نووسی و هەردوو شاهیدەکەش ئیمزایان کرد، ئەوەیان کرد بە سەنەدو پێیان داین.

ئێمە دایک و کوڕ بووین، لە ژوورێک دا دەنووستین. هەموو هەوڵ و تێکۆشانم بۆ ئەوەبوو کوڕەکەم گەورەتر بکەم و ژنی بۆ بخوازم. ئێمە بەردەوام کارمان دەکرد. چەندساڵێک بەو شێوەیە گوزەرا، کاتێ هەستم کرد ئەو پارەی کۆمان کردۆتەوە بەشی ژن هێنان و ماڵ دانان دەکات، بە ڕاوێژ لەگەڵ مام زەینەل و دایە زەینەب بیرمان لەوە کردەوە ژنی بۆ بهێنین.

کوڕەکەم پێویستی بە ناسنامە هەبوو، مام زەینەل لەسەر ناوی کوڕە مردووەکەی خۆی ناسنامەی باری کەسێتی بۆ دەرهێنا. کچی خوشکی دایە زەینەبمان بۆ کوڕەکەمان خواست، دواتر بە ناچاری بەرگی سەربازی لەبەرکرد.

ئەو سەرباز بوو، بەڵام من سێبوریم بە بووکەکەم وەنابوو، هەموومان بەیەکەوە دەژیایین، بووکەکەم خۆشەویستی هەموومان بوو، هەم بووکی من بوو هەمش کچە خوشک و بووکی دایە زەینەب.

ژیان ناوەستێ، بەم شێوەیەش ژیانی ئێمە دەگوزەرا، کوڕەکەم دوو منداڵی هەبوو، ڕۆژێکیان بووکەکەم نەخۆش بوو، لە عیادەی دکتۆر دانیشتبووین، ژنێکیان هێنایە ژوورێ، من ناسیمەوە، خەسووم بوو، دەیانگوت سەرەتانی گرتووە، ئەوان منیان نەناسییەوە چونکە لەگەڵ بووکەکەم بە کرمانجی قسەمان دەکرد. من لەوکاتەدا لە نێوان دوو هەستی دژ بەیەکدا هەناسەم دەدا، لەلایەکەوە دەترسام بمناسنەوەو گرفتم بۆ دروست بکەن، لەلایەکی دیکەشەوە لەخۆشی هەڵکێشرابووم و بەچاوی خۆم خەسووی خۆم دەبینی کە تووشی سەرەتان هاتبوو. پێموابوو خوا تۆڵەی ئێمەی لێکردۆتەوە، زۆرم حەز دەکرد بچمە بەردەمی و پێی بڵێم:" ئەوە من ماوم و نەکوژراوم، کوڕەکەشم ژنی هێناوەو منداڵی هەیە، بەڵام تۆڵەی ئێمەت لێ بۆتەوە، خوا سزای داویت و دووچاری سەرەتانی کردوویت، وا لەنێو ئێش و ئازاردا دەتلێیتەوە"

کاتێک هاتمەوە ڕووداوەکەم بۆ دایە زەینەب گێڕایەوە، ئەو ئامۆژگاری کردم کە دڵی خۆم بە ئازاری دیترانەوە خۆش نەکەم، چونکە کەس چارەنووسی خۆی نازانێ. کاتێک کوڕەکەشم لە کارکردن گەڕایەوە ڕووداوەکەم گێڕایەوە، ئەویش هەمان بۆچوونی هەبوو، بەڵام من دڵم خۆش ببوو.



# ئەو هۆکارانەی ژنان لەدەرەوەی بازنەی دەستەڵات دادەنێن

ئامادەکردنی : پەروین فەیزوڵڵا

زۆر جاران لە کۆڕو کۆبوونەوەو دانیشتنەکاندا باس لەوە دەکرێ کە ژنانی کوردستان لە دەرەوەی بازنەی دەستەڵات ڕاگیراون و پۆستی بەرپرسیارێتی گرنگیان پێنادرێ، هەڵبەت ئەمەش هۆکاری تایبەتی خۆی هەیە، بەڵام ئایا چاوگەی ئەو هۆکارانە چین و کێن؟!

بۆئەوەی ئەو چاوگانە بدۆزینەوە، دەبێ خوێندنەوەیەکی خێرای بۆ بکەین، کۆمەڵگە لە بواری لە کولتووری، دابونەریت و سایکۆلۆژیەوە بناسین.

ڕاستیەکە تەنیا ئەوەنیە کە ژنی کورد لە کۆمەڵگەیەکی پیاوسالاردا دەژی، لە باری سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتیەوە بە کۆنەپارێزی و دواکەوتوویی هێشتراوەتەوە، بەڵکو بەهۆی لێکدانەوەو تێڕامانە ئایینی و کۆمەڵایەتی و خۆبەکەمزانین و خێڵەکیەکانیەوە لە ڕەوشێکی دژواردا بەسەر دەبات. هاوێرکردن و پەراوێز کردنی ژن لە دەستەڵاتدا دیاردەیەکەو لەزۆربەی وڵاتان و کۆمەڵگەکاندا دەبیندرێ، بەڵام لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا زەق و دیارترە. لاوازی ڕۆڵی ژن لە هەر وڵاتێکدا شێوەی تایبەتی خۆی هەیە و بەشێوازی خۆیشی دەردەکەوێ.

**لاوازکردن و بێویستکردنی ژنان**

ئاشکرایە بەهۆی ژێردەستەیی و داگیرکردنی نیشتمان تا ئێستاش کۆمەڵگەی ئێمە لەژێر باری داب و نەریتی کۆنینە دەناڵێنێ، بەمەش مرۆڤی کورد تێکدەشکێندرێ و لاواز و بێویست دەکرێ، تەنانەت ژنان خۆشیان بەشێوازێک لەشێوازەکان هاوکاری سازاندنی زەمینەی لاوازکردنی خۆیان دەکەن، بۆ نموونە زۆربەی ژنان حەز دەکەن کوڕیان ببێ و نەفرەت لە کچ دەکەن یان بە یەکسانی لەکوڕو کچ ناڕوانن و دەڵێن کچ شوو دەکات و دەڕوات، بەڵام کوڕ دەبێتە سێبەرو لەسایەی دەحەوێینەوە!!، یان زۆرجاران دایکەکان بۆخۆیان کچە تۆراوەکانی خۆیان ناچار دەکەن کە بۆلای شووە ستەمکارەکەیان بگەڕێنەوە. هەندێ جار خەسوو خۆی باش دەزانێ کە کوڕەکەی ستەم لە ژنەکەی خۆی دەکات، بەڵام بە دەگمەن هەڵدەکەوێ کە لایەنگری لە بووکە ستەم لێکراوەکەی خۆی بکات. واتە دایک و خەسوو هاوکات ژنانی دیکە بێ ویست دەکەن و بە ژێردەستەیی دەیانهێڵنەوەو ئیرادەیان لاواز دەکەن.

**ئایین و بیروبۆچوونی کۆنینە**

ئایین لەجێگیرکردنی بیری کۆنینە ڕۆڵی ئاشکرای هەیە ، ئەوەتا لە زۆربەی وڵاتان دا ئایین لە خزمەت بیر و کولتووری پیاوسالاری ڕاڤەدەکرێ و سەرپشک دەکرێ. کولتووری ئایینی دەرفەتی ڕاستینی وەکهەڤی بە ژن نادات، هەوڵ دەدات ژن لە دەرەوەی بازنەی لە دەسەڵات دا جێگە بگرێ.

لێکۆڵەرەوانی ڕۆژئاوایی پێیانوایە کە ئایین و بۆچوونی کۆنینە یەکێک لە کۆسپە هەرە گەورەکانی بەردەم پێشکەوتنی ژن پێکدەهێنێ، بەڵام لێکۆڵەرەوانی ئیسلامی پێیانوایە کە دەستەڵاتداران بەئەنقەست ڕێگە لەبەردەم پێشکەوتنی ژنان بەرتەسک دەکەنەوەو ئایین بۆ بەرژەوەندی خۆیان دەکاردەهێنن!! بەمەش پێگەی ژنان لاوازو لەرزۆک دەبێ.

تەنانەت ئەگەر ژنان لەوڵاتانی ئاسیاییدا بگەنە دەستەڵات هەمیشە ترس ونیگەرانی و دڵەڕاوکەیان لە ڕووخانی دەستەڵاتەکەیان دا هەیە. بۆیە ئیدی ئەو ژنانە بەدەگمەن دەپرژێنە سەر پرسی ژنان و دۆزینەوەی ڕێگەچارەسەرکردنی کێشەکانیان. ڕاستیەکەی ژنێک یان ئەو ژنانەی کە لەلایەن پیاوانەوە بە دەستەڵات دەگەن توانای ئەوەیان نابێ دەرگە لە کێشە ژنان بکەنەوە.

ئەگەرسەیری مێژووی ساڵی 1994 بکەین، دەبینین تانسۆ چیلەر لە تورکیە، بەگم خالید لە بەنگلادیش و پاکستان بێنەزیر بوتۆ لە پاکستان لە لوتکەی دەستەڵات بوون و هەرسێ وڵاتەکش ئیسلامی بوون، بەڵام ژنانی وڵاتەکانیان لە نێو کێشەو گرفتدا نغرۆ بوون و نەیاندەتوانی ڕزگاریان بکەن. توانای گۆڕینی یاسای وڵاتەکانیان نەبوو، چونکە بەبێ تێگەیشتنی کۆمەڵگە گۆڕینی یاسا کارێکی ئاسان نیە.

لە بەنگلادیش و پاکستان کە ژنان فەرمانڕەوابوون کەچی بازرگانی کڕین و فرۆشتن بە ژنانەوە دەکرا، پیاوان لە فرۆشتنی ژنەکانی خۆیان ئازادبوون!!

**بژێوو ئابووری**

تا ئابووری ژن بە پیاوەوە گرێ درابێ، ژن ئازاد نابێ، تا ژن بۆ پێویستیەکانی ڕۆژانە و بژێوی خۆی و منداڵەکانی چاوی لە دەستی پیاوبێ هەرگیز ناتوانێ ئازادانە بیر بکاتەوەو ئازادانە بڕیار بدات.

ڕاستە ئێستا وەکو پێشوو نیە، هەندێک لە ژنان مووچەی خۆیان هەیە، هەندێکیان دەستیان بە بازرگانی ڕاگەیشتووە، بەڵام دیسانەوە بەهەۆی هاوێرکردنی ڕەگەزییەوە هەر گرێدراوی پیاوانن. مێژوو سەلماندوویەتی ئەو ژنانەی پێگەی ئابووریان بەهێزە، بژێوی تایبەتی خۆیان مسۆگەرکردووە لە ژنانی دیکە بەهێزەو ئیرادەترن.

**خوێندن و هۆشیاری**

بێگومان لە کۆمەڵگەی پیاوسالاریدا کاریگەی ئەرێنی لەسەر پەروەردەکردنی ژنان هەیە، هەمیشە بەچاوی کەمتر سەیری ژنان دەکرێ. ئەمەش ئیرادەی باوەڕبەخۆبوون لە کچان دەکوژێ. باوکان لەسەر خوێندنی کچان موکڕ نین، دایکانیش بەخەمساردیەوە لێی دەڕوانن، بەوهۆیەوە کچانیش حەز بە فێرگە ناکەن و ئارەزوو دەکەن زوو گەورەببن و شوو بکەن، ئیدی لەخوێندن بێ بەهرە دەبن، نەخوێندەواریش لە کەناری هۆشیاری دووریان دەخاتەوە.

**ڕێکخراوە سیاسیەکان**

ڕێکخراوە سیاسیەکانی کوردستان لە بەرنامەکانی خۆیاندا مافی وەکهەڤیان نووسیوە، بەڵام بەکردەوە زۆربەیان ڕێکخراوی پاشکۆ بۆ ژنان دروست دەکەن و ژن لە دەستەڵات دوور دەکەنەوە. ژنان خۆشیان ئەو پاشکۆیەتیە پەسند دەکەن و ئارەزوومەندانە کاری تێدا دەکەن. ئیدی بۆ وەرگرتنی پۆست و گەیشتن بە دەستەڵات چاویان لەدەستی پیاوان دەبێ. کاتێک بە پشتیوانی پیاوانەوە پۆست وەردەگرن ناتوانن ئازادانە بیر بکەنەوە، چونکە لەڕووی بڕیارەوە بە پیاوانەوە گرێدراون. بۆیە هەموو ئەو ژنانەی کراون بە ئەندام پەرلەمان و وەزیرە جێگری وەزیر لەلایەن پیاوانەوە دەستنیشان کراون و خێریان پێکراوە. ئیدی وەکو لەیستۆک کایەیان پێدەگرێ و پێشانی جیهانیان دەدرێن و بۆ گەرمکردنی بازاڕی سیاسیەتی خۆیانەوە لەجێگەی ڕیکلام پێشان دەدرێن. ئەمەش وا دەکات هەمیشە ژن لەدەرەوەی بازنەی دەستەڵات دابێ.

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com